https://doi.org/10.54809/jkss.vi3.235

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پەیوەندیی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تاوان- فەیسبووك بە نموونە

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە روانگەی توێژەرانی کۆمەڵایەتیی چاکسازیی گەورانی شاری هەولێر

**وریا معروف حمدسعید**

**پەیمانگەی تەکنیکی خەبات، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق**

wirya.hamadsaaed@epu.edu.iq

## پوختە

زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن فەیسبووک شۆڕشێکی لە بواری پەیوەندییکردنەوە بەرپاکردووە، بەڵام ئەوانەی مەیلی کردەوەی لادەرانەیان هەیە، رێگەی نوێ دەدۆزنەوە بۆ کردنی تاوانی سایبەر لە رێگەی فەیسبووکەوە، لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك پاڵنەری کردنی تاوانی سایبەر و دیارتریین ئەو تاوانانەشمان خستوونەتە ڕوو کە لە رێگەی فەیسبووکەوە ئەنجامدەدرێن. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە پەیوەندی نێوان تاوانی سایبەر و فەیسبووک بزانێت لەگەڵ پاڵنەر و جۆری ئەو تاوانانە. ئەمە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنی نیمچە کراوەیە، جۆری نموونەی توێژینەوەش نموونەی مەبەستدارە لە (١١) یازدە بەرتوێژ پێکهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی گەورانی شاری هەولێرە. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندیی لە نێوان تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و تاوان هەیە.

**کلیلە وشەکان: ۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، فەیسبووك، تاوانبار، تاوانی سایبەر.**

Recieved: 19/2/2023
Accepted: 16/3/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی

تـاوان دیاردەیەکـی کۆنـە، لـە هەمـوو کۆمەڵگەیەکـدا هەبـووە، هەمیشـە کـۆت و بەنـد و سـزا بـۆ هەندێـك ڕەفتـار و کـردەوە هەبـووە، بـە مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی ئاسـایش بـۆ تـاك و کۆمەڵگـە، ڕەفتـاری لادەرانـەی هـەر تاکێـك زیانـی بـۆ گشـت کۆمەڵگـە هەیـە.

لـەم دواییانـەدا بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، بەتایبەتیـش فەیسـبووك وەک ئامرازێکـی نێودەوڵەتـی بـۆ پەیوەندییکـردن لـە بـوارە جیاوازەکانـی ژیانـدا بـە فراوانـی بەکاردەهێنرێـت. هەروەهـا زانیـاری تێدایـە، تەنیـا لـە بوارێکـی دیاریکراودا قەتیـس نیـن، بەڵکـو پەیوەنـدی بـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و زانسـتی و ..هتـد هەیـە. بـەڵام زیادبوونـی بەکارهێنانـی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبوك بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی چەندیـن جـۆری تـاوان، کـە بـە تاوانـی سـایبەر نـاسراون.

پێشـکەوتنی خێـرای پەیوەندییـەکان لەسـەر بنەمـای گۆڕانـی تەکنەلۆژیـا لـە جیهانـدا بووەتـە هـۆی گۆڕانـکاری لـە شـێوازی ژیـان لـە کوردسـتان و سەرانسـەری جیهانـدا. تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـە تایبەتیـتر فەسـبووك، بەکارهێنەرێکـی زۆری هەیـە، ئاسـانکاری بـۆ گواسـتنەوەی هەواڵـی تـاوان دەکات. ئـەو تاوانانـەی لـە ڕێگـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە ئەنجامـدەدرێـن سـنووردار نیـن، بەڵکـو بـۆ بـواری نێودەوڵەتـی بازرگانـی مـاددە هۆشـبەرەکان و گروپـی تـاوان و هێنانـی لەشـفرۆش و ...هتـاد درێژدەبنـەوە.

لـە ڕێگـەی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووك، جۆرەهـا تاوانـی سـایبەر ئەنجامدەدرێـت، کـە هەڕەشـە لەسـەر کۆمەڵگـە دروسـتدەکات. ئـەم توێژینەوەیـە لـە دوو بـەش پێکهاتـووە، بەشـی یەکـەم تایبەتـە بـە ڕەهەندەکانـی توێژینـەوە و پێناسـەکردنی چەمکـەکان، لـە بەشـی دووەمیشـدا کـە لایەنـی مەیدانـی توێژینەوەکەمانـە شـیکردنەوەی ئەنجامەکانـی چاوپێکەوتنـی توێژینـەوە لەخـۆ دەگرێـت.

## بەشی یەکەم/ میتۆدنامەی توێژینەوە

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

بەکارهێنانـی فەیسـبووك وایکـردووە کاریگـەری لەسـەر بیرۆکـە و بەهـا و ڕەفتـارەکان دروسـتبکات. توانیویەتـی شـوێنی ئامـرازی کۆنـی پەیوەندیـی بگرێتـەوە، هەروەهـا بووەتـە هـۆی ناسـینی کەسـی نـوێ بەبـێ سـنوور. تاوانـی سـایبەر لـە ڕێگـەی فەیسـبووکەوە و زۆری قوربانییـەکان سـنووری هەرێمایەتـی تێپەڕانـدووە، تاوانێکـی مۆدێرنـە، دەرفەتـی گـەورەی بـە بەکارهێنەرانـی داوە بـۆ کاریگـەری و پەیوەندییـە سـنوورییەکان بەبـێ سـنوور و کۆنـتڕۆڵ، تەنیـا تاڕادەیـەک سـنووردارن، ئەمـەش دەرفەتـی نوێـی بـۆ ئەنجامدانـی فـۆرم و شـێوازی نوێـی تـاوان دروسـتکردووە. هەمـوو ئـەو دیمـەن و ڤیدیـۆ و بڵاوکراوانـەی لـە فیسـبووك بڵاودەکرێنـەوە بەشـێوەیەکی خێـرا دەگاتـە هەمـوو کەسـێك، کـە ڕەنگـە کاریگـەری لەسـەر ڕۆشـتن بـەرەو تـاوان هەبێـت، هەروەهـا پرۆفایـل و لاپـەڕەی فەیسـبووك بەنـاوی خـوازراوەوە تـا ڕادیـەك بـە بـێ چاودێـری بەکاردەهێنرێـت و دەکـرێ جۆرەهـا تاوانـی پـێ ئەنجامبدرێـت. ئـەم توێژینـەوە هەوڵـدەدات وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بداتـەوە:

ئایا پەیوەندیی لە نیوان تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و تاوان هەیە؟

پاڵنەرەکانی تاوان لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك چین؟

ئایا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بۆ ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی تاوان هۆکارە ؟

چ جۆرە تاوانێک لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە ئەنجامدەدرێت؟

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بە شێوەیەکی تیۆری و مەیدانییە، تاوەکو دەرەنجامی راست و دروستمان دەستبکەوێت، شیکردنەوە بۆ ئەنجامە وەدەستهاتووەکان دەکات، کە زانیارییەکان لە کەسانێك وەرگیراون ئەزموونیکی دوور و درێژییان لەگەڵ تاوانباران هەیە، ئەم جۆرە زانیارییانە دەتوانن توێژینەوەی بواری تاوان و لادان دەوڵەمەند بکەن و ببێتە هۆی کەڵەکەبوونی زانیاری زانستی و کۆمەڵایەتی، کە یارمەتی توێژەران و پسپۆران بۆ بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە دەدات.

ئەم توێژینەوەیە بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دیاردەی تاوان دەبەستێتەوە، هەوڵێکی زانستی بەنرخە بۆ بەستنەوەی دوو بواری تەواوکاری، کە سوود لەیەکتر وەردەگرن، هەروەها خستەڕووی مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی فەیسبووك بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەشیوەیەکی گونجاو بەکاری بهێنێت.

دەتوانین ئامانجەکانی توێژینەوەکان لەم چەند خاڵەدا چڕبکەینەوە:

زانینی پەیوەندیی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بە تاوانەوە.

زانینی جۆری ئەو تاوانانەی لە رێگەی فەیسبووکەوە ئەنجامدەدرێن.

زانینی کاریگەری فەیسبووك لەسەر ئاراستەکردنی تاك و کاریگەری لەسەر رەفتار و کەسایەتی.

زانینی پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوان لە رێگەی فەیسبووکەوە.

## دووەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

توێژینەوەی بەردەست چۆنایەتییە، نموونەکەی لە جۆری (نموونەی مەبەستدار)ە، بەرتوێژەکان ئەو توێژەرانەن کە لە چاکسازیی گەورانی هەولێر کار لەسەر کەیسی ئەو تاوانبارانە دەکەن، کە تاوانیان لە ریگەی فەیسبووکەوە ئەنجامداوە، رۆژانە دەیانبینن و گفتوگۆ و رێنماییان پێشکەش دەکەن، لە (١١) یازدە نموونە پێکهاتووە (نموونەکانی توێژینەوەمان لەسەر ئەو بنەمایە وەرگرتووە بۆ ئەوەی زانیاری ڕاستر و درووسترمان دەستبکەوێت، کە بەشێوەیەکی بەردەوام کاریان لەسەر چەندین کەیس کردووە، هەروەها لە رووی کارگێڕی و رێنماییە کارگێڕییەکانی دەزگاکانی چاکسازیی بەهۆی بوونی نەخۆشی و پەتا و بارودۆخی ئاسایش، چاوپێکەوتن و مۆڵەت وەرگرتن بۆ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپیکەوتنی بەندکراوان سەختبوو)، واتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی گەورانی شاری هەولێرە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری (چاوپێکەوتنی نیچمە کراوە)یە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەنجامدراوە، ماوەی هەموویان (٣٠ بۆ٤٥) خولەکی خایاندووە، لە ماوەی نێوان مانگی (٧ و ٢٠٢٢/٨) کە مانگێکی خایاند، دوای وەرگرتنی رەزامەندی فەرمی ئینجا چاوپیکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە، سەبارەت بە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوان لە ریگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و جۆرەکانی ئەو تاوانانەی کە لە رێگەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەوە ئەنجامدەدرێن گەیشتینە کۆمەڵێك وەڵام.

سێیەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە

١- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خزمەتی بەکارهێنەرانییان دەکەن، کە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بەردەست دەبن، هەروەها دەرفەتیان پێ دەبەخشن کە پەیوەندیی لە نێوان تاکەکان و گروپەکان دروستبکەن و تێڕوانینی خۆیان دەربڕن، سروشتی پەیوەندیی لە تۆڕێکەوە بۆ تۆڕێکی تر جیاوازە، لەدیارترین ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە: «فەیسبووک» و «تویتەر» و «گوگل Plus» و..هتد (فاریش و قاوش، ٢٠١٧-٢٠١٨ :٢٨-٢٩). بە

پێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ماڵپەڕێکی تەرخانکراوە یان بەرنامەیەکە، کە بەکارهێنەرانی دەتوانن پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر بکەن بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و سەرنج و پەیام و وێنە. هتد (الشواني و الداودي، ٢٠١٩: ١٧٤). تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانکاری دەکەن، بۆ دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ و هەروەها رێگە بە هاوڕێ کۆنەکان دەدەن پەیوەندیی بەیەکتریەوە بکەن، هەروەها ئەوانەی بیرۆکە و خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە یەکتری بدۆزنەوە و هاوڕێیەتی دروستبکەن، رێگە بە بەکارهێنەران دەدەن لە هەر کاتێک بیانەوێت پەیوەندی بکەن، لە هەر شوێنێکی جیهان.

٢- فەیسبووك (Facebook): وەک ماڵپەڕی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پێناسەکراوە، هەرکەسێک دەتوانێت بەخۆڕایی تۆماری بکات و ببێتە خاوەنی لاپەڕەی کەسی خۆی، پەیوەندی بکات و کارلێک لەگەڵ ئەوانی تردا بکات، (لموشي، ٢٠١٧ :٥٨) ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە لەلایەن مارک زوکەربێرگ (Zuckerberg Mark) دامەزراوە، تەنها سەکۆیەکی کۆمەڵایەتی نیە بەڵکو بنکەیەکی تەکنەلۆژی ئاسانیشە، هەر کەسێک دەتوانێت هەر چۆنێك بیەوێت بەکاری بهێنێت (صادق، ٢٠٠٨: ٢١٨). هەروەها بۆ پەیوەندییکردن و کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تر بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنەران دەتوانن هاوڕێ بۆ لیستی هاوڕێکانیان زیاد بکەن و پەیامیان بۆ بنێرن (البياتي، ٢٠١٤: ٣٩٠). فەیسبووک یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکان، کاریگەری لەسەر ئاستی جیهان هەیە، یارمەتی پێکهێنانی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەرەکان دەدات، توانای هاوبەشیکردنی زانیاری و فایل و وێنە و ڤیدیۆکان و دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ هاوبەشەکانی تری هەمان تۆڕ و گەیشتن بە پرۆفایلەکانیان دەدات.

٣- تاوان: (لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا تاوان هەیە، لە لایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییدا مەودا و سروشت و شێوەکانی تاوان و رێژەی تاوان و، شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوان و تاوانیش گۆڕاوە، بۆ نمونە؛ جووڵەی جیهانگیری لەگەڵ پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی و گواستنەوەدا سەرهەڵدەدات، دەرکەوتنی جۆری نوێی تاوان وەک تاوانەکانی زانیاری، تاوانی سایبەر، کارتی کریدیت، فێڵی تەلەفۆنی، جۆری نەریتی تاوان بە شێوەی ئاڵۆزتر سەریهەڵداوە) (YÜKSEL: ٥ Ve Değerleri, ٢٠١٩). تاوان لە روانگەی یاساییەوە: «کارێکی ناڕەوای تاوانکارییە، یاسا سزایەک یان پێوانەیەکی چاودێری بۆ دیاریدەکات ( نبار، ربیحە، ٢٠١٧-٢٠١٨:٣٠). هەروەها تاوان لە روانگەی سۆسیۆلۆژییەوە: «هەموو کردارێک یان لادانێکە کە پێچەوانەی ئەو بەها و بیروبۆچوونانەیە، لە ویژدانی کۆمەڵگەدا جێگیر کراون»( نبار، ربیحە، ٢٠١٧-٢٠١٨:٣١). کەواتە تاوان هەر کارێکی زیانبەخشە بە پێچەوانەی ئەو بیر و پرەنسیپانەی کە لە کۆمەڵگەدا زاڵن، یان هەر کارێک کە هێرشکردنە سەر ماف یان سەرپێچیکردن لە ئەرک بگرێتەوە، یاسا حوکمی بەسەردا دەدات و سزای بۆ داناوە.

٤- تاوانی سایبەر(Cybercrime): بریتییە لە هەر کردارێکی سەرپێچی، کە لە رێگەی سیستەمێکی زانیاری دیاریکراوەوە ئەنجامدەدرێت وەک؛ دەستدرێژیکردنە سەر مافی کەسێکی دیکە، بەرژەوەندییەک و هەر داتایەکی زانیاری کە بە یاسا پارێزراوە (محمد، ٢٠٢١: ٤٣٩). هەروەها بریتییە لەو پێشێلکارییانەی دژی تاك و کۆمەڵگە بەمەستی تاوان و زیان گەیاندن بە ناوبانگ و خودی قوربانییەکە بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیی وەك ئەنتەرنێت (چات، ئیمەیل و موبایل) (الدحلە، ٢٠١٨: ٧). ئەم تاوانە لە رێگەی ئامێرێکی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجامدەدرێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پارە، زیانگەیاندن بە بەناوبانگی کەسایەتییەکان، بەمەبەستی زیانگەیاندن بە کۆمپیوتەر و دزینی زانیارییەکانی ناوی.

بەشی دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکانی چاوپێکەوتنی توێژینەوە

یەکەم: پاڵنەرەکانی بڵاوکرنەوەی تاوان لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک

پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی تاوانی سایبەر لە فیسبووك جیاوازییان هەیە، بەپێی بۆچوونەکانی بەرتوێژەکان گەیشتینە چوار پاڵنەری سەرەکی، کە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامدانی تاوانی سایبەر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە هەیە، کە لە خوارەوە دەیانخەینە روو:

## پاڵنەری تۆڵەسەندنەوە و زیانگەیاندن:

پاڵنەری تۆڵەسەندنەوە کاریگەری لە ئەنجامدانی تاوانەکانی سایبەر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە هەیە، ئەوانەی بەرکەوتەی فشارە دەروونییەکان دەبن و دووچاری کێشە دەبنەوە، لە پەیوەندییەکانیان لەسەر کار و کارلێکی رۆژانەیان لەگەڵ خەڵکی تر، پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی ناوی کەسی بەرانبەر بزڕێنن و زیانی پێ بگەینن(سویر، ٢٠١٠-٢٠١١: ٢٦). هەموو یەکەکانی نموونەی توێژینەوە جەختیان لەوە کردەوە، کە تۆڵەسەندنەوە پاڵنەرە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی فەیسبووکەوە تۆڵە لە بەرانبەر بکەنەوە و ناوی بزڕێنن و زیانی پێبگەینن، سەبارەت بەوە یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((هەست و مەیلی تۆڵە سەندنەوە دروست دەبێت، لەکاتی چاتی شەڕانگێزی لەنێوانی دووکەس)) هەر سەبارەت بەم پاڵنەرە یەکێکی تر لە نموونەکانی توێژینەوەکەمان دەڵێت: ((کاتێك خاوەن کار، کرێکار یان فەرمانبەر لەکارەکەی دوور دەخاتەوە، یان کرێیەکی کەمی پێدەدات بەرانبەر کارەکەی، یاخود لەبەرانبەر مامەڵەیەکی خراپ و توندا هەوڵدەدات لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە و بەتایبەتیش فەیسبووك تۆڵەی خۆی بکاتەوە زیان بەناوبانگی بگەیەنێت))، دەشێ بڵێین تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەپاڵ هەموو تایبەتمەندییەکانی ئامرازێکیشە بۆ تۆڵە سەندنەوە و زیانگەیاندن بە ناوبانگی ئەو کەسانەی کە ناگەنە ڕێککەوتن لەسەر شتێك یان بابەتێك و لەم ڕێگەیەوە دەتوانن زیان بەیەك بگەیەنن. هەروەها نموونەکانی توێژینەوە لەسەر زیانگەیاندن ئاماژەیان بە خاڵێکی تریشدا یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: (کەسانێکیش هەن دژی سەرکەوتنن و سەرکەوتنی ئەوانیتریان قەبوڵ نیە، لە ڕێگەی فەیسبووکەوە خەریکی زیانگەیاندن دەبن بە ناو و ناوبانگی کەسەکە، بە بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو بەمەبەستی ناو زڕاندن و هەروەها چات و نووسینی شەڕانگێزانە و نەگونجاو)، کەسی ئەنجامدەر رەنگە بیەوێت لە ڕێگەی فەیسبووکەوە زیان بە ناو و ناوبانگی قوربانی بگەیەنێت، کە ئەمەش لەوانەیە بەهۆی چاوچنۆکی و بەخیلی پێبردنەوە بێت.

تۆڵەسەندنەوە و زیانگەیاندن بەناوبانگی کەسی، لادانە، کە لەوانەیە وەك (پەرچەکردار و تۆڵەسەندنەوە، رق و کینە، چاوهەڵنەهاتن بە پێگە و کەسایەتی کەسی قوربانی تاوان) کە ئەمە بە پێشێلکاری و سەرپێچی ئەژمار دەکرێت و سزای یاسایی هەیە.

## ٢. پاڵنەری دارایی: بۆ بەدەستهێنانی قازانج و بەدەستهێنانی پارە.

یەکێکە لە پاڵنەرەکان، کەسی ئەنجامدەر بەدوای دەرفەت دەگەڕێت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، بۆ ئەوەی بە کەمترین هەوڵ بەرزترین دەستکەوت بەدەستبهێنێت، بەبێ ئەوەی شوێنەوارێك لەدوای خۆی بەجێ بهێڵێت (سویر، ٢٠١٠-٢٠١١: ٢٦)، سەرجەم نموونەی توێژینەوەکەمان ئاماژەیان بەوە دا، پاڵنەری دارایی پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی تاوانی سایبەر لە ڕێگەی فەیسبووکەوە ئەنجامبدرێت بەمەستی بەدەستهێنانی پارە، هەروەها یەکێك

لە بەرتوێژەکان ئاماژەی بۆ ئەوەدا: ((بۆ هەندێك وەك پیشە وایە، چونکە دەرفەت و بواری ئەوەی تێدا هەیە، کە بەناوی خوازرەوەوە لە ڕێگەی هاك و بڵاوکردنەوەی نووسینی نەشیاو و ڤیدیۆی دروستکراو ئەم کارە ئەنجام بدەن)). هەوەرها یەکێکی تر لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((کەسانی بێکار بۆ بەدەستهێنانی پارە، جۆرەها کاری لادەرانە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە ئەنجام دەدەن)، لەوانەیە پاڵنەری ئەنجامدەران بۆ ئەم کارە ئەوەبێت لەم ڕێگەیەوە هەڕەشە بکەن بۆ ئەوەی لەبەرانبەردا پارە لە قوربانی تاوانەکە وەرگرن، کە زیاتر لە ڕێگەی فەیسبووکی نەناسراو و وەهمیەوە ئەم تاوانە ئەنجامدەدەن تاکو ئاشکرا نەبن.

## ٣. زانیاری وەرگرتن و فێربوونی تاوان لە ڕێگەی فەیسبووکەوە:

تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە و سنووری نییە، هەر بەکارهێنەرێك لە ڕێگەی ناردنی هاوڕێیەتییەوە دەتوانێت بڵاوکراوەکانی هەر کەسێك کەبیەوێت ببینێت، ئەوەی ئامادەیی تاوانی هەبێت، دەتوانێت لە ڕێگەی گەڕان و دۆزینەوەی بڵاوکراوەی ڤیدیۆ و نووسین و چیرۆکی تاوان لە فەیسبووك بە زانیاری چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوان بگات. هەموو نموونەکانی توێژینەوەی باوەڕیان وابوو کە ئەمەش پاڵنەرێکە لە پاڵنەرەکان یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((ئەوانەی ئارەزووی ئەنجامدانی تاوان و لادانیان هەیە، ئەگەر بیانەوێت فێر بن بەدوای زانیاریدا دەگەڕین و دەستیان دەکەوێت، دەتوانن بە ئاسانی فێری تاوانەکە بن))، یەکێکی تر روونتر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ((لە ڕێگەی بینینی ڤیدیۆ و بڵاوکراوەکانی فەیسبووکەوە، ئەوانەی خواستی تاوانیان هەیە زیاتر فێردەبن و هەوڵدەدەن تاوانەکەیان بە شاراوەی ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن))، واتە دەکرێ بڵێین ئەوانەی ئامادەیی تاوانیان هەیە، زانیارییەکانی فەیسبووك لەبارەی تاوانەوە وەك ئەزمونێك دەبێت بۆیان، وایان لێدەکات کە لێزانانەتر تاوان ئەنجامبدەن و فێری تەکنیکی نوێتر و جۆری تاوانی تر بن.

## ٤. بێکاری:

یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکان، بەو پێیەی کە بێتاوان دەردەکەوێت و ئامانجی کات بەسەربردنە بەبێ ئەوەی مەبەستی زیان و زیانگەیاندن بە قوربانییەکانیانی هەبێت و لە کاتێکدا وردە وردە بەردەوام دەبن لەم کات بەسەربردنە تا دەگۆڕێت بۆ تاوان لە فەزای ئینتەرنێت، کە لە ڕێگەوە فێردەبن و درێژدەبێتەوە بۆ ئەنجامدانی تاوان(حجازی، ٢٠٠٩: ١١١). بێکاری وادەکات تاك کاتێکی زۆری هەبێت بەو هۆیەوە بۆ بەسەربردنی کاتەکانی زیاتر لە خەڵکی ئاسایی فەیسبووك بەکاربهێنێت، سەرجەم نموونەکانی توێژیینەوەکەمان کۆکبوون کە بێکاری یەکێکە لە پاڵنەرەکان، یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((لە ڕێگەی فەیسبووکەوە کەسی نەناسراو دەناسن و پەیوەندیی دادەنێن، ئەمەش لەوانەیە ئاکامی تاوانی لێ بکەوێتەوە. رەنگە کەسانی هاوشێوەی خۆیان بێکار بدۆزنەوە بەیەکەوە پلانی ئەنجامدانی تاوان و کاری لادەرانە دابنێن))، هەر سەبارەت بەم پاڵنەرە یەکێکی تر لە نموونەکانی تویژیینەوە دەڵێت: ((کەسی بێکار لەوانەیە لە ئەنجامی زۆری کاتی دەستبەتاڵی، بەشێوەیەکی بەردەوام فەیسبووك بەکاربهێنێت و لە ڕێگەوە فێری تاوان بێت بەهۆی بڵاوکراوە تاوانکارییەکانەوە))، دەشێ بڵێین ئەو کەسەی کە بێکارە خۆی بەدەست بێ بەشی و بێکارییەوە دەناڵێنێت، کەچی لە فیسبووك جۆرەها بڵاوکراوەی سەرنجراکێش و جوان و باش و چاك دەبینێت کە مایەی چێژە بۆ خەڵکی دیکە، ئەمە رەنگە

چەند جارێك دووبارە ببێتەوە تا لە ئاکامدا وای لێبکات ئەویش بە ڕێگەی نایاسایی هەوڵی بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی بدات، یاخود لەوانەیە لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی هاوڕێیەکانی لە شێوازی بیرکردنەویان تێدەگات بەیەکەوە تاوان ئەنجامبدەن و گروپی تاوانی دروستبکەن.

## دووەم: تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و تاوان: بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان

بازرگانەکانی مادده هۆشبەرەکان بەچڕی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای میدیای نوێ و فەیسبووك بۆ فرۆشتنی مادده نایاساییەکانیان بەکاردەهێنن، هەندێك لە بازرگانانی ماددەی هۆشبەر ماددەکانیان لە ڕێگەی چات و پرۆفایل و خزمەتگوزارییەکانی فەیسبووکەوە بەشێوەی موزایەدە دەخەنەڕوو بۆ فرۆشتنییان، کڕیارەکانیش دەچنە ناو پرۆفایل و چاتەکان و پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستن (محمد، ٢٠٢١: ٤٥٧). سەرجەم یەکەکانی نموونەی توێژینەوە جەختیان لەوە کردەوە فەیسبووك بۆ کڕین و فرۆشتن و نیشاندان و هاندانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنرێت، یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((دەکرێ فەیسبووك وەك بازاڕێکی ئەلیکترۆنی بێت بۆ خستنەڕووی ماددەکانیان، بەشێوەیەکی جوان نمایشی دەکەن و نیشانی دەدەن تاکو لای خەڵکی خۆشەویستی بکەن و بەکارهێنەری زۆربێت))، فەیسبووك تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاوە زۆرترین کەس بەکاریدەهێنێت، بۆیە ڕەنگە لەم ڕێگەیەوە هەوڵبدەن سەرنجی بەکارهێنەران بۆخۆیان رابکێشن، تاکو ئاسانتر ماددەکانی خۆیان ساغ بکەنەوە. هەر لەسەر ئەم جۆرە تاوانە یەکێکی دیکە لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((کەسی ئاڵوودەبوو و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر و بازرگانان لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە هەوڵی دەستخستن و ساغکردنەوەی ماددەکانیان دەدەن، ئاسانتر یەکتری دەدۆزنەوە، بە ئاسانتر دەتوانن لە ڕێگەی فەیسبووکەوە یەکتری بناسن و بەدەستیبهێنن))، مادده هۆشبەرەکان نایاسایيە و بەکارهێنانی تاوانە، بۆیە بازرگانان و بەکارهێنەران بە شێوەیەکی قاچاخ مامەڵەی پێوە دەکەن، ڕەنگە بەشێوەیەکی شاراوە و بەناوی خوازراوەوە فەیسبووك بۆ ئەم کارەیان بەکاربهێنن.

## تاوانی ناوزڕاندن:

کاتێك دەستەواژەی ناوزڕاندن و چەواشەکردن لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بڵاودەکرێتەوە، کە بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە، وادەکات هەر بەکارهێنەرێك کە دەچێتە ناو ئەم پرۆفایل و پەیجەوە ببینێت. وەک چۆن ئینتەرنێت بە شانۆیەکی بێسنوور دادەنرێت، هەموو ئەو شتانەی کە تیایدا بڵاوکراوەتەوە بەبێ سنووردارکردن و سانسۆر وەریدەگرێت، بۆیە لە هەندێک بارودۆخی خراپ بەکارهێنانیدا، هەڵوێستی نەرێنی پێکدەهێنێت کە تاوانە و زیان بە قوربانی تاوان دەگەیەنێت(محمد، ٢٠٢١: ٤٦٠)، هەروەها لەوانەیە ئەوەی زانیاری بڵاودەکاتەوە، دامەزراوەیەک یان گروپێکی نهێنی یان چەواشەکارانە بێت دەربارەی قوربانیی تاوانەکە، ڕەنگە مەبەستی تاکتیکی بازرگانی یان سیاسی بێت (الشوابکە، ٢٠٠٤: ٩١). هەموو نموونەکانی توێژینەوەی جەختیان کردەوە لەوەی کە ئەم جۆرە تاوانە باوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((یەکێکە لەتاوانە هەرە دیارەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)) ئەمە ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت، کە بەکارهێنەران دەتوانن فەیسبووکی ساختە لەژێر ناوی خوازراوەوە دروستبکەن و ئەم جۆرە تاوانەی پێ ئەنجامبدەن. هەر سەبارەت بەم تاوانە

نموویەکی تری توێژینەوە دەڵێت: ((بەشێوەیەکی باو بەربڵاوە و بەرانبەر کەسانی دیار و بەناوبانگ ئەنجام دەدریت)). هەروەها یەکێکی تر دەڵێت: ((بەهۆی تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك کە جۆرێکە لە کارئاسانی بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە، ئەویش ئەوەیە کە دەتوانن لە ژێر ناوی جیا جیا ئەکاونتی فەیسبووك دروستبکەن و ئەم جۆرە تاوانەی پێ ئەنجامبدەن))، کە قوربانی تاوان دەکرێتە ئامانج، ڕەنگە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پارە بێت لێی، یان ئەوەتا بەهۆی رق و کینەوە دەیانەوێ زیانی پێ بگەینن و هەواڵ و بڵاوکراوەی چەواشەکارانەری لەسەر بڵاوبکەنەوە، یانیش ڕەنگە لەلایەن کۆمەڵە و گروپ و ڕێکخراوی سیاسییەوە ئەنجامبدرێت، ئەم جۆرە تاوانی سایبەرە زیاتر لە ڕێگەی ئەو پەیج و پرۆفایلی فەیسبووکانە ئەنجام دەدرێت، کە نەناسراون و بەناوی خوازراوەوە دانراون.

## تاوانی هەڕەشە و هەراسانکردن:

ئەم جۆرە تاوانی سایبەرە هەڕەشەیە بۆ سەر مرۆڤ و مەبەست لێی چاندنی ترسە لە رۆحدا، کە لە ڕێگەی فەیسبووك ئەنجامدەدرێت، بە فشار خستنەسەر ئیرادەی کەسێک و هەڕەشەلێکردنی لەو زیانانەی کە بەسەریدا دێنن یان بەسەر کەسانی پەیوەندیدار بە قوربانی تاواندا دێنن و هەراسانی دەکەن، دەبێتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر خودی قوربانی، هەر خۆی هەڕەشەکە تاوانە ڕەنگە بە ئامانجی داواکارییەك بێت بۆ سەر قوربانی تاوان یان بۆ تۆڵەکردنەوە بێت، ئەمەش تاوانێکی یاساییە، ئینتەرنێت و فەیسبووك بووەتە ئامرازێکی مۆدێرن بۆ ئەنجامدانی تاوانی هەڕەشەئامێز کە دەچێتە خانەی تاوانی سایبەر لە ڕێگەی فەیسبوکەوە(محمد، ٢٠٢١: ٤٦٠). سەرجەم نموونەکانی توێژینەوە جەختیان لە بوونی ئەم تاوانە کردەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((ئەم کردەوەیە هەیە و بۆیە ئەنجامدەدرێت بەمەستی ئەوەی پارەیان لێ وەرگرن))، هەر لەسەر ئەم جۆری تاوانە یەکێکی تر گووتی: ((ئەم تاوانە زیاتر بەرانبەر کەسە دیارەکانی کۆمەڵگە ئەنجامدەدرێت و وێنەکانیان دەشێوێنن و ڤیدیۆی مۆنتاژکراویان لەسەر دروستدەکەن و هەڕەشەیان لێدەکەن بۆ ئەوەی پارەیان لێ وەرگرن))، هەروەها یەکێکی دیکە لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((لە ڕێگەی ئەکاوتنی ساختەوە رەگەزی خۆیان دەگۆڕن و خۆیان بە کچ دەناسێنن بە بەرانبەرەکەیان و دواتر لە ڕێگەی چاتەوە بەڵگە و دیکۆمێنتیان لەسەر دروستدەکەن، وەك هەڕەشە بەرانبەریان بەکاری دەهێننەوە و هەراسانیان دەکەن)، کەسانێك تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك خراپ بەکاردەهێنن و زیاتر بەلای لایەنە خراپەکەیەوە دەچن، دەیانەوێت لە ڕێگەیەکی نایاسایی و ناپەسەندەوە دەستکەوتیان دەست بکەوێت یاخود لەبری یاسا پەنا بۆ ئەم ڕێگەیە دەبەن بۆ تۆڵە سەندنەوە.

## شاردنەوەی کەسایەتی (لاسایی کردنەوەی کەسایەتی):

بەهۆی گەشەسەندنی گەورەی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەندێک تۆڕی کۆمەڵایەتی تایبەتمەند دەرکەوتوون، کە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ شاردنەوەی ناسنامەی کەسێک لەکاتی چوونە ناو ئینتەرنێت و بەتایبەتیش تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، لە کاتی بەکارهێنانیدا دەتوانێت بەناوی خوازراوەوە بۆ قسەکردن و نووسین و چات دروستبکات، تەنانەت ئەو بابەتانەشی کە دەیەوێت قسەی لەسەر بکات و بنووسێت بێ ئەوەی کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی دەربخات، بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە، بەهۆی پابەندبوون

بە نەریت یان یاساکانەوە، کە شەرم دەکات باسی بکات لە ئەگەری ئەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی دیار بخات، یان لەترسی ئەوەی لەسەر ئەو کارەی کردوویەتی سزا بدرێت، بەکارهێنانی زانیاری و داتاکانی کەسێك لەژێر وێنە و ناو و ڕێکەوتی لەدایکبوونی کەسێکی تر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، واتە بە پرۆفایل و لاپەڕەیەکی ساختە خراپترین چەواشەکاری و ساختەکارییە، بۆ شاردنەوەی کەسایەتی ڕاستەقینە و داواکردنی پارە لەخەڵکی تر، لە ڕێگەی فەیسبووکەوە(الطائي، ٢٠١٠: ٤١-٤٢)، هەمــوو نموونەکانی توێژینەوەکە جەختیان لەوە کردەوە کە ئەم تاوانە بوونی هەیە و لە ئێستادا بەربڵاوە، یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((لاسایی کەسانێك دەکەنەوە بەوەی ئەو کاونتێکی هاوشێوەی کەسێك دادەنێن و بە هەمان وێنە و زانیاری کەسێکی تر بەناوی ئەوەوە نمایش دەکەن، داوای یارمەتی و پارە و هاوکاری دەکەن))، هەروەها سەبارەت بەم تاوانە یەکێکی تر لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((هەیە لاسایی کەسایەتییەکی ئافرەت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی زیان بەرانبەر بگەیەنێت و لەخشتەی ببات و زانیاری نەگونجاو و نەشیاوی لەسەر دیکۆمێنت بکات)). ئەوانەی ئامادەیی تاوانیان هەیە، سوود لەم خزمەتگوزرایی و تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك وەردەگرن و بەشێوەیەکی ناڕاست و نەگونجاو دوور لە بەها و ئەخلاق و یاسا تاوانی پێ ئەنجامدەدەن.

## بڵاوکردنەوەی خراپە و بەدڕەوشتی:

هەندێک وڵات کاردەکەن بۆ بلۆککردنی ئەو سایتانەی کە نەگونجاون و لەگەڵ نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیاندا ناگونجێت، بۆ نموونە هەندێک وڵات کاردەکەن بۆ بلۆککردنی سایتە سێکسییەکان بۆ ئەوەی سەردانیکەرانی ئینتەرنێت نەتوانن بچنە ناو ئەو سایتانەوە، کار بۆ پاراستنی نەریتەکانییان دەکەن. بۆ ئەوەی دەستیان نەگات بە سایتە پۆرنۆگرافییەکان(سێکسییەکان)، بەڵام هەندێک کەس کاردەکەن بۆ چوونە ناو ئەو سایتانە، سەرەڕای بلۆککردنیان بە بەکارهێنانی هەندێک بەرنامەی تایبەتمەند لە چوونە ناو سایتە بلۆککراوەکان، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بژاردەیەکی نوێیان بۆ دابین دەکات بۆ ئاسانکاری لەشفرۆشی ئینتەرنێت، کە لە ڕێگەی پرۆفایلێکی فەیسبووکەوە نمایش و بە بازاڕی دەکەن و بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی ڕاکێشن (محمد، ٢٠٢١: ٤٦٢)، دە (١٠) لە بەرتوێژەکان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەکاردەهێنرێت بۆ ئەنجامدانی سێکسی ئەلیکترۆنی و دروستکردنی پەیوەندیی نایاسایی و ناشەرعی، یەکێك لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((هاوڕەگەز خوازان یەکتری دەدۆزنەوە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووکەوە و پەیوەندیی دادەنێن))، سەبارەت بەم تاوانە یەکێکی دیکە لە بەرتوێژەکان دەڵێت: ((کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی تاوان هەیە و لە ڕێگەی ئەمەوە سەردەکێشێت بۆ تاوانی گەورە، هەروەها لەوانەیە لە ڕێگەیەوە گروپی لەشفرۆشی دروست بکرێت)). تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك تۆڕێکی بەهێزی پەیوەندییە کە بەکارهێنەرانی لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانیان دەتوانن کەسی هاوشێوەی خۆیان بدۆزنەوە و پەیوەندیی بگرن لەگەڵ یەك و گروپ و باندی لەشفرۆشی تاوان و گروپی لادەرانە دروست بکەن، کەسی بەرانبەری پێ لەخشتە ببەن. تەنها یەکێك لە بەرتوێژەکان گووتی: ((مەرج نیە کاری بەدڕەوشتی و لادەرانە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بێت، خۆ بەر لەفەیسبووکیش هەر هەبووە)) ئەم قسەیە ڕاستی تێدایە، بەڵام ڕێژە و شێوازی تاوانی بەدڕەوشتی و خراپە، لەسەردەمی پێش فەیسبووك زۆر جیاوازتر بووە لەگەڵ سەردەمی فەیسبووك، کە زۆر لاپەڕە و ئەکاونت هەن تایبەتن بە پروپاگەندەی بەدڕەوشتی و لادەرانە.

## هاککردن:

هاککـەران ئـەو تاوانبارانـەن کـە بەشـداری جۆرەهـا تاوانـی سـایبەر دەکـەن، هەروەهـا لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسبوکیش هەڕەشـە و زەوتکردنـی پرۆفایـل و لاپـەڕەی کەسـی و داوای پـارە لـە قوربانیانـی تـاوان دەکەن لـە بەرانبەر راگرتنـی زیانەکانیـان یانیـش بەمەبەسـتی دزیـن و دیکۆمێنـت کردنـی زانیارییە کەسـییەکانی قوربانی (قـورة، ٢٠٠٣: ٥٣) سـەرجەم نموونـەکان جەختیـان لـەوە کـردەوە کـە هاککـردن ڕێژەکـەی بـەرزە و بەشـیوەیەکی بـاو بوونی هەیـە، یەکێك لـە بەرتوێـژەکان دەڵێـت: ((هاککـردن وەك چەکێکـی سـپی بەرانبـەر خەڵکـی بەکاردێـت، بەمەبەسـتی هەڕەشـەکردن بـۆ زیـان پێگەیاندنـی یـان پـارە وەرگرتـن ئەنجامدەدرێـت))، هاککـردن و دەستبەسـەرداگرتنی فەیسـبووکی کەسـی کەسـێکی دیکـە، دەسـتدرێژیکردنە بـۆ سـەر مافـی تاکەکەسـی و سـنوور بەزاندنـە و تاوانـە، ئەوانـەی ئـەم جـۆرە تاوانـە ئەنجامـدەدەن، بەشـاراوەیی و نهێنـی ئەنجامـدەدەن، ئامانجیـان دەستبەسـەرداگرتنی زانیـاری و نهێنییـە کەسـییەکانی قوربانـی تاوانەکەیـە، ڕەنگـە بیانـەوێ زیانـی پـێ بگەیەنـن، وەك هەڕەشـە بەرانبـەر قوربانـی بـەکاری بهێنـن، یانیـش داوای پـارەی لـێ بکـەن. ئەوانـەی هاککردنـی فەیسـبووك ئەنجامـدەدەن، زیاتـر ئـەو کەسـانەن لێزانـی و شـارەزاییەکی تەواویـان هەیـە لـە تەکنەلۆژیـا، چونکـە زۆربـەی هاککـەرەکان بەرنامـەی تایبەتـی خۆیـان هەیـە بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم تاوانـە، یانیـش گروپـی ڕێکخـراون و کار لەسـەر کەسـایەتییەکان دەکـەن.

## ئەنجام و پێشنیار و راسپاردەکانی توێژینەوە

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

١- کۆمەڵێـك تاوانـی سـایبەر لـە ڕێگـەی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووکەوە ئەنجامدەدرێـت لەوانـە؛ (بازرگانـی کـردن بـە مـاددە هۆشـبەرەکان، ناوزڕانـدن، بڵاوکردنـەوەی خراپـە و بەدڕەوشـتی و هاککردن..هتـد).

٢- لـە ڕێگـەی پەیوەندییـەوە تاوانبـارەکان و ئەوانـەی هەمـان ئـارەزووی تاوانیـان هەیـە یەکـتری دەدۆزنـەوە و گروپـی تاوانـی دروسـتدەکەن.

٣- کۆمەڵێـك پاڵنـەر هـەن کـە لـە ڕێگـەی فەیسـبووکەوە تاوانـی سـایبەر ئەنجامبدرێـت، وەکـو؛ (تۆڵەسـەندنەوە، دارایـی، بێـکاری و فێربـوون لـە ڕێگـەی بڵاوکراوەکانـی پرۆفایلـی بەکارهێنەرانـی فەیسـبووکەوە..هتد).

٤- دروسـتکردن و گروپـی لەشفرۆشـی و هێنانیـان و کۆکردنەوەیـان لـە ڕێگـەی فەیسـبووکەوە بەهۆی چات و یەکترناسـینیان لـە ڕێگـەی بڵاوکراوەکانیـان شـارەزای یـەك دەبـن کـە ئـەو خواسـتەیان هەیە.

٥- ئەنجامدانی تاوانی لەخشتەبردن بەهۆی دروستکردنی پرۆفایلی فەیسبووکی ساختە.

٦- هەڕەشەکردن و هەراسانکردنی قوربانی تاوان لەڕیگەی فەیسبووکەوە لەژێر ناوی وەهمی و خوازراوەوە.

٧- لە ڕێگەی فەیسبووکی شاراوە و لەژێر ناوی خواراوەوە زیاتر تاوانەکانی فەیسبووك ئەنجامدەدرێت.

## پێشنیازەکانی توێژینەوە:

١- پێویسـتە توێـژەران توێژینـەوەی زیاتـر لەسـەر تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووك ئەنجامبـدەن دەبـارەی چۆنیەتـی بەکارهێنانـی ئـەم تـۆڕە کۆمەڵایەتییـە بـە شـێوەیەکی سـوودبەخش.

٢- دەکـرێ توێژینـەوە ئەنجامبدرێـت لەسـەر دەستنیشـانکردنی ترسـناکی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووك، کـە چـۆن بەکارهێنـەران بـەرەو لادان و تـاوان ئاراسـتە دەکات. هەروەهـا چۆنیەتـی خـۆ لـێ پاراسـتنی.

٣- دەکرێ توێژینەوەی چەندایەتی ئەنجامبدرێت سەبارەت بە جۆرەکانی تاوانی سایبەر، کە لە رێگەی فەیسبووکەوە ئەنجام دەدرێت.

## راسپاردەکانی توێژینەوە:

١- تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بەشێوەیەکی چڕ بەکاردەهێنرێت لە هەریمی کوردستان، لەوانەیە ببێتە پاڵنەر و هۆکاری ئەنجامدانی تاوان و فێرکاری تاوانی تێدا بڵاوببێتەوە کە ببیتە بەرچاو ڕوونی بۆ تاوانباران یاخود ببێتە هۆی لادان، بۆیە ئەمە وامان لێدەکات پێشنیاز بکەین بۆ لایەنی پەیوەندییداری وەك؛ (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ئەنجومەنی دادوەری و داواکاری گشتی) کە هەندێ ڤیدیۆ و فێرکاری تاوان و هەندێك بلاوکراوە هەیە، کە پاڵنەرە بۆ لادان و تاوان، سانسۆر بکات و قەدەغەی بکات.

٢- هەماهەنگیکردنی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کار لەسەر هۆشیاکردنەوەی کۆمەڵگە بکەن لەڕێگەی پرۆژەکانیان، هۆشیاری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بڵاوبکەنەوە.

٣- وەزارەتی پەروەردە لەرێگەی قوتابخانەکان و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هۆشیاری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بڵاوبکەنەوە کە گونجاو نیە تەمەنی بچووك فەیسبوك بەکاربهێنێت، هەروەها لەبارەی ئەو لاپەڕە و پرۆفایلانە کە ڤیدیۆ و بڵاوکراوەی خراپ بڵاودەکەنەوە کە دەبێتە هۆی لادان و تاوان هۆشیاریان بکەنەوە، هەروەها ڕاگەیاندنەکانیش لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە بەرنامەی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەیان هەبێت.

## The relationship between social networks and crime – Facebook, for example A field study from the point of view of social researchers in Erbil Adult Reform Department


### Abstract:

There is no doubt that Facebook has made a great revolution in people's communication and interaction, but criminals are finding new ways to commit cybercrime through Facebook. This study aims to explore the relationship between cybercrime and Facebook in the light of the interviews we conducted and are available. As well knowing the perpetrator of such crimes and the type of crimes committed. This research is qualitative research, the method used is thematic analysis, The data collection tool of interviews is semi-open and the type of research sample is purposive sample which consisting of (١١) researches. Our research community is the Erbil Adult Reform Department. We have come to the conclusion that there is a relationship between Facebook and crime. We have also presented some of the motives for committing cybercrimes and the most obvious crimes committed through Facebook, which we have met as a result of our interviews.


**Keywords: Social networks, Facebook, criminals, cybercrime.**

# العلاقة بين الشبكات الاجتماعية والجريمة - الفيسبوك أنموذجا

# دراسة ميدانية من وجهة نظر الباحثين الاجتماعيين في مديرية إصلاح الكبار في أربيل

## ملخص

يتفق اغلب من الباحثين على أن فيسبوك شكلت ثورة في مجال العلاقات او الاتصالات الاجتماعية ولكن الذين لهم الميول نحو اي عمل إجرامي و الإنحراف يلجؤون إلى الوسائل الإلكترونيه الأكثر حداثة كالفيس بوك. آن الهدف من هذا البحث هو معرفة العلاقة بين الجرائم الإلكترونية والفيس بوك ودوافع الاجرامية ونوعها. هذه الدراسة نوعية، ووسائل جمع البيانات هي المقابلات شبه المفتوحة ونوع عينة البحث هي عينة قصدية تتكون من (١١) وحدة، ومجتمع البحث هو مديرية إصلاح الكبار في مدينة أربيل، ونستنتج من هذا الدراسة: أن هناك علاقة وثيقة بين وسائل التواصل الاجتماعي الفيسبوك تحديدا و الجريمة. وهناك عدة دوافع الارتكاب الجرائم الإلكترونية و أبرزها تلك التي تحصل او ترتكب على الفيس بوك.

الكلمات المفتاحية: شبكات التواصل الاجتماعي، فيسبوك ، المجرم، جرائم الإلكترونية.

## سەرچاوەکان

Suç Sosyolojisi, Dizgi ve Yayıma Hazırlama (٢٠١٩ ) YÜKSEL, Dr.Öğr.Üyesi Mezher Ve Değerleri .Anadolu Üniversitesi, Eskişehir

البياتي، ياس خضير(٢٠١٤) الإعلام الجديد الدولة الإفتراضية الجديدة، ط١، عجمان: دار البداية ناشرون وموزعون.

حجازي ،عبدالفتاح بيوسي(٢٠٠٩)جرائم الكمبيوتر واالنترنت في النشر العربي ،دار النهضة ، القاهرة.

الدحله، محمود هشام (٢٠١٨) دور صفحة وحدة مكافحة الجرائم الالكترونية على موقع الفيسبوك في التوعية الأمنية، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر، قسم الصحافة والإعلام، كلية الإعلام جامعة الشرق االوسط، الاردن

سوير، سفيان (٢٠١٠-٢٠١١) جرائم المعلوماتية، مذكرة ماجستير منشورة، تخصص العلوم الجنائية، جامعة تلمسان.

الشوابكة،محمد أمين أحمد (٢٠٠٤ )جرائم الحاسوب والانترنت ،مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان.

الشواني، نوزاد أحمد ياسين و الداودي، محمد عبد الكريم (٢٠١٩) موقع التواصل الاجتماعي (الفيس بوك) و دورها في ارتكاب جريمة عبر البث المباشر، مجلة التراث، ع. ٣١، ١٧٠-١٨٦.

صادق، عباس مصطفى (٢٠٠٨) الإعلام الجديد المفاهيم و الوسائل و التطبيقات، دار الشروق للطباعة والنشر، عمان.

فاريش، رشيدة و قاوش، نورة (٢٠١٧-٢٠١٨) تأثير مواقع التواصل الاجتماعي في انتشار الجريمة الالكترونية في وسط المراهقين، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماستر، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة أكلي محند والحاج البويرة.

قورة، د.نائلة عادل محمد فريد(٢٠٠٣) جرائم الحاسب الآلي الاقتصادية –دراسة نظرية وتطبيقية، دار النهضة العربية، القاهرة.

لموشي، د. حياة (٢٠١٧) الإدمان على الفيسبوك وعلاقته بالتوافق الدراسي لدى المراهق، مجلة آفاق للعلوم، ع.٩، ٥٦-٦٥.

محمد، د. وفاء محمد علي(٢٠٢١) الأبعاد الاجتماعية للجرائم الإلكترونية دراسة تحليلية لمضمون عينة من القضايا في محكمة سوهاج، مجلة كلية التربية, جامعة عين شمس, العدد السابع والعشرون الجزء الثالث.

نبار، ربيحه (٢٠١٧-٢٠١٨) دور التلفزيون في التوعية بمخاطر الجريمة، أطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه، قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجزائر.